# تەکنەلۆژیا و ڕۆڵی لە گەشەسەندن و گۆڕانی ئەدەبدا
## (شیعری کوردی  بە نموونە)

**پ.ی.د.صافیە محەمەد ئەحمەد**
**زانکۆی ڕاپەڕین**
**کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەت، بەشی کوردی**

**دەستپێک:**

تەکنەلۆژیا بە هەموو داهێنان و بەرهەمە جۆراوجۆرەکانییەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر جیهان بە گشتی و ژینگە و هەموو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەبووە و هەیە، دەرهاویشتەکانی بە شێوە ئەرێنی و نەرێنییەکەیەوە، بۆتە هۆکاری دروستبوونی چەندین گۆڕانی ڕیشەیی لە هزر و چۆنیەتی ژیان و  وڵات ....هتد. دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین، کە ئاست و جۆر و چەندێتی و چۆنیەتی کارتێکردن و گۆڕانکارییەکانی تەکنەلۆژیا لە هەموو کات و شوێن و وڵاتێک تەنانەت لای هەموو تاکێکیش وەک یەک نیە؛ لەبەرئەوەی  پەیوەستە بە جۆری ئامێر و داهێنانەکە و ئاستی پێشکەوتنی وڵات، هەتا دوور و نزیکی  و شارەزایی خودی مرۆڤ لە بەرهەمە تەکنەلۆژییەکان.

ئەدەب وەک بەرهەمی هەڵقووڵاوی هەست و نەستێکی زیندوو، بەدەر نیە لە کاریگەری ئەو گۆڕان و گەشەیەی لە کۆمەڵگا و چواردەوری دەقنووس ڕوو دەدەن، چونکە مرۆڤ کارتێکراوە بە ژینگە و ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی تێیدا دەژیێت؛ بۆیە ئەمانەش ڕاستەوخۆ لە هزر و هەست و بیریدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت و لە ئەنجامدا دەقێکی نوێ و جیاوازتر لە پێیشووتر بەرهەم دێت.

ئەم توێژینەوەیە لە سۆنگەی هەستکردنی کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر کوردستان و کۆمەڵگای کوردی و تاکی کورد و کەمی توێژینەوەی تایبەت بەم لایەنە لە ڕەخنەی ئەدەبی


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

کوردی هاتۆتە بەرهەم، بە پێویستی دەزانین باس لەسەر چەند بابەتێکی پەیوەندیدار بەو لایەنە بدوێین، وەرگرتنی نموونەش جگە لە بەرهەمە چاپکراوەکان لە کۆمەڵێک شاعیر و بەهرەمەندی لاوی هاوڕێی خۆمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی(فەیس بووک) ؛ بۆ دڵنیایی لە ڕاستی و دروستی سەرچاوەی نموونەکان. دواتر ئەو ئەنجامانە خراونەتەڕوو، کە لە توێژینەوەکە پێیان گەیشتووین لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**یەکەم: تەکنەلۆژیا و ئەدەب**

ئەدەب یەکێکە لەو بەرهەمە مرۆییانەی، کە بە ئەندازەیەکی بەرچاو پڕیشکی تەکنەلۆژیا جۆراوجۆرەکانی بەرکەوتووە، چونکە ئەدەب زادەی هزرە و بەندە بە بیر و کێشە خودییەکانی نوسەر یان بارودۆخی کۆمەڵایەتی خاوەن دەق و گوزارشت لە گیروگرفتەکانی چین و توێژەکان دەکات، بەمەش دەق ناتوانرێت لەم دووانە داببڕێت؛ بۆیە داهێنان لە بواری نووسین و ئەدەبدا(( داهێنان بریتییە لە گوزارشتکردن لە خود و هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی لەم جیهانەدا بە بێ دوورکەوتنەوە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ژیان و ...داهاتووی نووسین و نوسەریش شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە جۆری ئەو ژیانەی تێیدا دەژییێت و هێزی ئەو گۆڕانکارییانەی بەر ژیانی ئێستای کەوتووە)) [السید نجم، ص٦]؛ بۆیە نووسەران هەوڵدەدەن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییەکان بڕۆن و سوود لە بوارە جۆراوجۆرەکانی تەکنەلۆژیا وەربگرن و لە پێناو داهێنانەکانیاندا پەنای بۆ بەرن، وەک ڕۆژنامە و دەزگا جۆراوجۆرەکانی چاپ وتەلەفزیۆن و ڕادیۆ و کۆمپیوتەر و پێگە ئەلیکترۆنییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بڵاوکردنەوە و بەرە و پێشچوونی بەرهەمەکانیان، هەروەها پێشبڕکێی نێوان خودی هەریەک لەو ڕێگایانەی ناومان بردن هاندەر بوونە بۆ ئەمە و یەکێک لە ئامانجەکانیان ڕاکێشانی نووسەران بووە بۆلای خۆیان بۆ نموونە: (( سەرەتای پەیدابوونی پێگە ئەلیکترۆنییەکان وەک ناوەندێکی بڵاوکردنەوە لەگەل یەکەم دەرکەوتنی ئامرازەکانی، لاپەڕە فەرمییەکان و هەلی وەک پاداشت و دەستکەوتێک بە خاوەن بڵاوکراوە دا، بۆئەوەی پێش هۆکار و ڕێگەکانی تری ڕاگەیاندن بکەوێت)) [علي عبدالفتاح، ص٢٢]؛ بۆیە زیادبوونی ڕێگە ئەلیکترۆنییەکان و ئاسان دەستەبەربوونیان لە جیهانی ئەمڕۆدا  وای کردووە بەرهەمە هزرییەکان زووتر بگەنە وەرگر.

ئەوەی ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر دەمانەوێت تیشکی بخەینەسەر ئەو گۆڕانە ڕیشەییەیە، کە تەکنەلۆژیا بە گشتی و ڕۆڵی پێگە و گەیاندنە ئەلیکرۆنییەکان و پێگە کۆمەڵایەتییەکانە بە تایبەتی، چونکە لە کردەی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی گۆڕانی ڕیشەییان لە چەند لایەنێکدا کردووە، وەک بەشداریکردنی زیاتری وەرگر لە  خوێندنەوە و  گفتوگۆ دروستبوون لە نێوان دەقنووس و خوێنەر و ڕەخنەگر، چۆنیەتی گەیشتن و بڵاوکردنەوەی نوسین و کتێب و خێرایی لە گەیاندن و کەمی تێچووی بڵاوکردنەوە و هاندان و بوار ڕەخساندن بۆ زیاتر دەرکەوتنی بەهرەی  شاعیر و نووسەری گەنج و نوێ[السید نجم: ص٥١-٥٢]؛ بۆیە توێژەرانی ئەم بوارە دڵنیان لەوە، کە لە سایەی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانە لە داهاتوودا  چۆنیەتی و چاپکردنی


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

کتێب .... گۆڕانی بەسەردا دێت، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەش بزانین، کە ((ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان شاعیر و نووسەر بەرهەم ناهێنن، پشکیان لە دانانی دەقی ئەدەبیدا نیە، چونکە بەهرەی ئەدەبی و هونەری خوای گەورە بە مرۆڤەکانی دەدات، بەڵام ئەو مرۆڤە لە توانای دایە گەشە بە خۆی بدات بە بەکارهێنانی تەکنیکە نوێیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆی و ئەدەبەکەی)).[أحمد شبلول، ص١٧٠]؛ بەمەش بەکارهێنان و پەنابردنە بەر ڕێگا و ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی چاپ و گەیاندن زیاتر برەویان بە خۆوە بینی و ئەدەب وەک بەرهەمێکی هزری بوو بە کۆڵەکەیەکی بازرگانی؛ بۆیە لەبەر گرنگی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەم جۆرە گۆڕانە و تیرۆری تەکنیکی یان تەکنەلۆژی هاتەکایەوە بۆ ئەم مەبەستەش چەند ڕێکخراوێکی خاوەندارییەتی هزری لە بواری بازرگانی نێودەوڵەتی سەریان هەڵدا بۆ ئەوەی هەموو تاکێک ماف و چیاوکی خۆی پێبدرێت و بە چەند قۆناغ و ڕێککەوتنێکدا تێپەڕین:

**یەکەمیان:** پاسەوانی کردنی  پۆلینبەندی هونەری و ئەدەبی بوولە ژێر ڕێککەوتنی(برن)، کە جاری گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بە گرنگی مافی خاوەندارێتی هزری کرد لە ساڵی(١٩٤٨) و مافەکان خۆیان لە پێدانی  بەهای مادی  بۆ خاوەن بەرهەمی هزری و هەندێک مافی تر دەدیتەوە و (١١٢) وڵات بەشدارییان تێداکرد.

ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی (١٩٧٠) بە شێوەیەکی کارەکی دەستی بەکارەکانی کرد و بوو بە ڕێکخراوێک لە ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرپەرشتی(٢١) ڕێککەوتنی پەیوەست بە خاوەندارێتی هزری دەکرد و تێیدا(٦) لە ڕێککەوتنەکان تایبەت بوون بە خاوەندارێتی هونەر و ئەدەب، گرنگییەکی زۆری هەبوو لە بواری ئەدەب و هزر.

**دووەمیان:** لەگەڵ زەقبوونەوەی لایەنی بازرگانی پەیوەست بە خاوەندارێتی هزری ڕێککەوتنی(الجات) لە ساڵی(١٩٧٤) هاتەکایەوە، کە(٢٢) وڵات بەشدارییان تێدا کرد و دواتر بوون بە(١١٨) وڵات و دواتر ڕێککەوتنی( تریبس) لە سالی (١٩٩٤)ی لێ هاتەبەرهەم، سەرجەم وڵاتەکان هاوڕابوون لە برگەکانی ناو ڕێککەوتنەکە، وەک مافی دانەر، نیشانە بازرگانییەکان، ئاماژە جوگرافییەکان، ....هتد [السید نجم، ١١ – ١٢]، ئێستا چەندین ڕێکخراو و ڕێککەوتنی تر پەیدابوون و لێرەدا دەرفەتی باسکردنمانیان نیە.

ئەدەب بڵاوکردنەوە و پێشکەوتنی لە ڕێگای بەرهەمە ئەلیکترۆنییەکان بوو بە بەشێک لە داهێنان و کاری سەردەم.

### دووەم: تەکنەلۆژیا و زمانی شیعری

زمان ئەو ئامرازەیە، کە هەموو مرۆڤێک بەردەوام و بێ برانەوە کاری پێیەتی، یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیشی گۆڕان و گەشەکردنە و بەردەوام لە نوێبوونەوە دایە، چونکە هەندێک لە وشەکانی لەناودەچن و چەندین وشەی نوێشی دێنەناو؛ بۆیە تەکنەلۆژیاش بە هۆکاری بەردەوام گۆڕان و بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانی لە ژیانی ڕۆژانە جگە لەو خزمەتەی لە بوارەکانی پزیشکی و کیمیایی و...هتد کردوویەتی و(( یەکێک لەو بوارانەی...... خزمەتی تێدا


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

کردووە زمانە)) [دارا حمید محمد، ل١١٥]، ئەمەش بە ڕێگەی بڵاوبوونەوە و ناساندنی هەزارەها وشە و زاراوە لە ڕێگەی داهێنانە تەکنەلۆژییەکان بە تایبەتیش زیاتر ئەو ئامرازانەی لە بواری زانست و فێرکردن و پێداویستییەکانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن، بۆیە ئاخێوەرانی زۆربەی میللەتانی جیهان کەم تا زۆر ناتوانن خۆیان لە بەکارهێنانی هەندێک لەو وشە و زاراوانە بپارێزن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەکانی (کۆمپیوتەر و تەلەفزیۆن و  مۆبایل و چات و فەیس بووک .....هتد)لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە خزاونەتە ناو زمانی کوردی، ڕۆژانە بەکاردەهێنرێن و ناتوانرێت وازیان لێ بهێنین بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگی زمانمان؛ بۆیە شاعیر و نووسەرانیش وەک ئاخێوەرێکی کورد و تاکێکی ناو ئەم کۆمەڵگایە  نەیانتوانیوە خۆیان لە بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوانە بپارێزن و ڕاستەوخۆ لە ناو زمانی ئەدەبییان ڕەنگی داوەتەوە؛ بۆیە کاتێک لە زمانی شیعری قۆناغە جیاجیاکانی شیعری کوردی وردبینەوە، دەبینین چ گۆڕان و جیاوازییەک لە نێوان فەرهەنگی شیعرییاندا هەیە، ئەگەر شاعیرانی کلاسیک چرا و مۆمیان بەکارهێنابێت ئەوا شاعیرانی شیعری هاوچەرخ و دواتر باسی گڵۆپ و کارەبایان کردووە، ئەگەر ماین و گوێ درێژ و حوشتر ئامرازی گواستنەوە و گەڕان بووە لە سەردەمی ئەوان و لە شیعرەکانیان باسیان کردووە، دیارترین نموونەی شیعری لە ئەدەبی کوردی قەسیدەی(نالی و کەرەکەیەتی)ئەوا شاعیرانی قۆناغی تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن ناوی(ئۆتۆمبێل و فڕۆکە و  شەمەندەفەر) یان هێناوە؛ هەروەک لەم نموونە شیعرییانەی خوارەوەدا دەبینین:

جەمال شارباژێڕی دەڵێت:

**مەغناتیسی کارەبای**
**سیحری جوانی ڕایکێشاین**
**شاری "کۆیە" ی شیرینە**
**ئەوەتاین لە باوەشتاین**  [جەمال شارباژێڕی، ل٢٥٨]

لە دەقێکی تردا دەڵێت:

**قژ پەخشانە بەسەر کوڵم و**
**بەرەو سینە کشاو تاڵ تاڵ**
**لە ژێر تارای گڵۆپی سفرا**
**تاڤگەیەک**
**لە کریستاڵ، درەوشاوە**
**وێنەیەکی هونەرمەندانەی کێشاوە** [جەمال شارباژێڕی، ل٤٤٢]

وشەکانی(مەغناتیس، کارەبا، کریستاڵ، گڵۆپی سفر) لە فەرهەنگی شیعری شعیردا بوونیان هەیە و بە کاریگەری تەکنەلۆژیاوە پەیدابوون.

(ڕەنج سەگاوی) دەڵێ:

**ئەپاڕێمەوە لە ئاسمان**
**فڕۆکەکەت توند توند بتگرێتە باوەشی**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بەو ئومێدەم ئەو ئێوارەیەی کە تۆ ئەڕۆی**
**خۆشبێ کەشی** [رەنج سەنگاوی، ل٨٦]

فڕۆکە ئامێر و پێویستییەکی ئێستای گواستنەوەیە و بەرهەمی تەکنەلۆژیایە و شاعیر ناوی هێناوە.

لە دەقێکی تردا بە ناوی( مەسج) دەڵێت:

**ئیتر مەسج مەنێرە بۆم**
**من شەیدای نامەکانی تۆم**
**هەرچەند ئەکەم ئەو فۆنتانە**
**هەستناکەم لە تووە هاتوون**
**دێرە خوار و خێچەکانت لام شیرینن** [رەنج سەنگاوی، ل٢٠٧]

شاعیر وشەکانی(مەسج و فۆنت)ی بەکارهێناوە، وشەی بێگانەی تایبەت بە بواری نووسینی کۆمپیوتەرن، ئەم جۆرە بەکارهێنانەش لە ئەنجامی ((کاریگەری زۆر بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری لەسەر زمان هاتۆتە کایەوە و زمانی ئینگلیزیش زمانی سەرەکی ئەو تەکنەلۆژیایەیە)).[دارا حمید محمد، ل١٢٠]. بە دڵنیایشەوە ئەو کاریگەرییە بەردەوام دەبێت و رەنگە لە داهاتوودا زمانی شیعری گۆڕانێکی ریشەیی بەسەردابێت و پێشکەوتن و دەستکەتە تەکنەلۆژییەکان کاریگەرییان لەسەری هەبێت و بیگۆڕن، چونکە کەرەستەی بنەڕەتی ئەدەب و شیعر زمانە و زمانیش بەردەوام لە نوێبوونەوە و گەشەدایە و کارتێکراوە.

**سێ یەم: تەکنەلۆژیا وەک دایکی چەند فۆرمێکی نوێی شیعری کوردی**

ئەو دەقە ئەدەبییانەی لە منداڵدانی تەکنەلۆژیای ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان لە دایک بوونە، لە ڕەخنەی ئەدەبی میللەتانی تر چەندین توێژینەوە و گفتوگۆی هەمەجۆری لە بارەوە کراوە و بە ئەدەبی ژمارەیی و ئەدەبی ئەلیکترۆنی و ئەدەبی کارا و ئەدەبی دوارۆژ ناونراوە، وابەستەی تاکە ژانر یان جۆرە ئەدەبێکیش نەکراوە؛ ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەدەب بە هەموو جۆرەکانییەکەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی تەکنەلۆژیا.

ئەدەبی کوردیش بێگومان بەدەرنیە لەم جۆرە کاریگەرییە، بەڵام ئەو ئەدەبەی کە لای میللەتانی تر دەرهاویشتە نوێیەکانی تەکنەلۆژیای تێدا بەکاردێت و بە سیستەمی(Hyper text) ناودەبرێت، کە کارێکی هەمەلایەن و کۆکراوەیە لە نێوان ئەدەب و ئەلیکترۆنیات [السید نجم، ص٨٣]. لە ئەدەبی کوردیدا دەقێکی هاوشێوەی ئەوەمان دەست نەکەوتووە، هەروەها لەبەر سنووربەندی و چوارچێوەی توێژینەوەکەمان ئێمە تەنیا باس لە شیعری کوردی دەکەین و فۆڕمیشمان وەک لایەنی سەرەکی بابەتی توێژینەوە دیاریکردووە، چونکە چەند فۆڕمێکی نوێ لە شیعری کوردی بەرچاو دەکەون، **کە** لە هەناوی تەکنەلۆژیاوە گەشەیان کردووە و ئەوانیش بریتیین لە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**١-مۆبایلە شیعر(شیعرە مۆبایل):** ئەم جۆرە فۆرمە شیعرییە وەک لە ناوەکەیەوە دیارە لەگەڵ پەیدابوون و هاتنەکایەوەی مۆبایل لە دایک بووە، کە ئەمەش زیاتر دوای ساڵانی (٢٠٠٠) بەدواوە لە ناو ئێمە هاتەکایەوە و ژمارەی بەکارهێنەرانی ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوو لەزیادبوون دابوو، ئەم جۆرە فۆرمە شیعرییە نوێیە لەلایەن(د. فوئاد ڕەشید) بە دوو توێژینەوە بە ناونیشانەکانی (مۆبایلە شیعر، شیعرییەتی کورتبڕی)، کە لە ژمارە(١١٠)ی گۆڤاری(رامان) ساڵی(٢٠٠٦) لاپەڕە(١٠٥ -١٠٨) بڵاوکراوەتەوە، (ئیستاتیکای مۆبایلە شیعر) وەک بابەتێک لە کتێبی(دەقی ئەدەبی      ئەدگار، چێژ، بەها)، کە لە ساڵی (٢٠٠٧) لە لایەن دەزگای ئاراس چاپکراوە نووسراوە، کار لەسەر  سێ بەرهەمی شیعری بڵاوکراوەی بەناو مۆبایلە شیعر کراوە و توێژەر بە تێروتەسەلی لەڕووی فۆڕم و ناوەڕۆک و هۆکاری سەرهەڵدان و تایبەتمەندییەکانی و جیاوازی لەگەڵ فۆڕمە شیعرییەکانی تری پێش خۆی بە وردی دواوە و ئێمە بە پێویستی نازانین هەموو ئەوانە لێرەدا دووبارە بکەینەوە؛ لەم توێژینەوانەدا مۆبایلە شیعر بەوە ناسێنراوە، کە چەشنێکی تری نووسینی شیعری کوردییە، کە یەکێکە لە دەرهاویشتەکانی هاتنەکایەوە و بەکارهێنانی مۆبایل و لە ڕووی زمان و داڕشتن و ناوەڕۆکەوە خاوەن کۆمەڵێک سیمای تایبەت بە خۆیەتی وەک کورتی و کەمیی موفرەداتی زمانەوانی و نزیکبوونەوە لە زمانی ڕۆژانە، هەڵگرتنی پەیامێکی خودی لە ناوەرۆکی نامەکاندا بەدی دەکرێت[فوئاد رەشید، ل ٧٠- ٨٠ و ل ١١٤ - ١١٨]، ئەمانەش چەند نموونەیەکی مۆبایلە شیعرن:

خالید باشبڵاخی دەڵێت:

**تۆ وەک بەفر**
**لە کوێستان و.. من لێرە..**
**بۆت ئەسوتێم**
**لەم دەشتی گەرمەسێرە..!!** [ خالید باشبڵاخی ،ل٢١]

وەرزێر جەزا دەڵێت:

**هەموو  کاتی ئێوارەیەک**
**لە خۆرئاوابوون دەڕوانم**
**بیرتە؟ پێت ئەوتم هەناسەم**
**تۆی ڕوناکی شەوانم**  [  وەرزێر جەزا ،ل١٩]

بەڵام لێرەدا بە پێویستی دەزانین بڵێین، کە (مۆبایلە شیعر) ئێستا باوی زۆر نەماوە و جگە لەو چەند هەوڵە سەرەتاییە هیچ بەرهەمێکی ترمان بەرچاو نەکەوتوون، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ  گۆڕان و سەرهەڵدانی ئامراز و میکانیزمی تری گەیاندن و پەیوەندی کردن


e-ISSN (2522-7130)    p-ISSN (2410-1036)

وەک (فیس بووک و ڤایبەر ومێسینجەر و تێلیگرام و واتس ئەپ و ....هتد)، کە دواتر بوونە سەرچاوەی لە دایک بوونی فۆڕمی شیعری نوێتر.

**دووەم: فەیسبووکە شیعر**: فەیسبووک وەک تۆڕێکی کۆمەڵایەتی لەم ساڵانەی دوایی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەکارهێنەرێکی زۆری بەخۆیەوە خەریک کردووە و ڕۆڵێکی زۆر خێرا و سەرەکی هەیە لە گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی گشت بوارەکان؛ بۆیە ئەدەبیش بە هەموو ژانرەکانییەوە یەکێکە لەو داهێنان بەرهەمە هزرییانەی، کە لە ڕێگەی فەیسبووکەوە بڵاودەکرێتەوە و خوێنەر و ڕەخنەگران بە دەقەکان ئاشنا دەبن. شیعریش وەک ئێمە تێبینیمان کردووە زیاتر لە ژانرەکانی تر لە فەیسبووک دەبینرێت بەڵام شێواز و چۆنیەتی دەقە شیعرییەکان هاوشێوە و چوونیەک نین؛ بۆیە لێرەدا دەکرێ ئەوە بپرسین ئایا هەموو دەقێکی بڵاوکراوە لە فەیسبووک دەبێتە فەیسبووکە شیعر؟ بێگومان نەخێر چونکە:

١-هەندێک جار شیعری شاعیرانی کلاسیک یان ئەو شاعیرانەی دیوانەکانیان چاپکراوە لە هەندێک لاپەڕەو هەژمار بڵاودەکرێنەوە، واتا دەقە شیعرییەکان کۆنن و هی سەردەمانێکی ترن و لێرەدا فەیسبووک تەنیا ئامرازی بڵاوکردنەوەکەیە وەک: کتێب و گۆڤار ...هتد. نموونە وەک ئەو شیعرانەی لاپەرەی شیعری کلاسیکی کوردی بڵاوییان دەکاتەوە، وەک شیعرەکانی نالی و مەحوی و .....هتد.

٢-بەشێک لە شیعرەکان ماوەیەکە نووسراون بەڵام چاپنەکراون و خاوەن دەق ئێستا فەیسبووک بە دەرفەت دەزانێت بۆ بڵاوکردنەوەیان وەک بەشێک لەو دەقانەی( جەوهەر ئەحمەد و هاوژین سلێوە) لە هەژماری تایبەتی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە.

٣-فەیسبووک بۆتە ڕێگایەکی سەرەکی بۆ ئەو دەقە شیعرییانەی بۆ پرس و ڕووداوە هەنووکەییەکان دەنوسرێن، چونکە خێراترین ڕێگە و و ئازادترین سەکۆیە بۆ دەربڕینی بیروبۆچوونە جیاواز و خودییەکانی نووسەر.

ئێمە جگە لەم جۆرە دەقە شیعرییانەی لە فەیسبووک دەبینرێن دەمانەوێت باس لەو جۆرە فۆرمە شیعرییە بکەین، کە لە هەناوی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک نەش و نمای کردووە و خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاوازە لەو فۆرمانەی پێشووتر و نموونەیان زۆرە.

زاراوەی فەیسبووکە شیعر ((بۆ یەکەمجار زاراوەکە لە لایەن(کاک سەلام محەمەد)ی شاعیر داهێنراوە و بەو شیعرە کورت و مانادارانە دەوترێت، کە مرۆڤ لە ساتەوەختێکدا بە دەربڕینێکی ناسک و شاعیرانە لە فەیسووکەکەی یان پەیجی تایبەتی خۆی دایدەنێت، بەڵام کورتی و درێژییەکەی مەرجدار نییە و هیچ ئاماژەیەک لە ئارادانییە بۆ ژمارەی دێر و بڕگەکانی))[ عەبدوڵڵا سلێمان ،ل١-٢]. ئەمە تاکە توێژینەوە و تاکە پێناسەیە، کە تا ئێستا بۆ فەیسبووکە شیعر کراوەلەگەڵ بوونی چەند تێبینییەکمان ئێمە پێمان وایە، کە بەهرە و شێوازی شاعیر بنەمای داهێنانی دەقن و دەقی جیاواز بەرهەمدێنن؛ بۆیە بە وردبوونەوە و تەتەڵەکردنی ئەو دەقانەی لەبەردەستمان دان دەتوانین بڵێین خە.سڵەتەکانی فەیس بووکە شیعر بریتین لە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**١-ناونیشان:** زۆربەی هەرە زۆری فەیسبووكە شیعر ناونیشانی نیە، بەڵام بە دەگمەن چەند دەقێک دەكەوێتە بەرچامان، كە ناونیشانی هەبێت، بۆ نموونە:

(هاوژین سلێوە) نوسیوویەتی:

**(شون هەڵگر)**
**كوا شونهەڵگرێک**
**بە كوێرە ڕێگاكانی**
**منالَیم دابێتەوە،**
**لە وێستگەی هەر ساڵێكا**
**تەمەنی دزراوم**
**بگەڕێنێتەوە**

(مهاباد ئازاد) نوسیوویەتی:

**(دڵە لەرزە)**
**لەسەرخاكی سووری جگەر**
**كەم گوزەركە**
**با چیتر زەمین**
**دڵی نەلەرزێ..**
**روحی من،**
**كە بوومەلەرزە نەماوە بەریكەوێ**
**ئیدی هەسارەی دڵم**
**بۆ ڕاچڵەكێ؟**
**ئیدی ئەم خاكە خوێنینە**
**بۆ بە جارێ**
**هەناسەیەک هەڵنەكێش؟**

ئێمە پێمان وایە نەبوونی ناونیشان لە زۆرینەی فەیس بووكە شیعردا هۆكارەكەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی وێنەی دەرەكی(كە دواتر لێیی دەدوێین) لەگەڵ شیعرەكان؛ بۆیە ئەو پەیامەی، كە شیعرەكە لە خودی خۆیدا هەڵیگرتووە خوێنەر ڕاستەوخۆ لە واتای دەقەكە تێدەگات.

**٢- زمان:** زمانی داڕشتنی دەقەكانی فەیسبووكە شیعر _هەڵبەتە لەو دەقانەی ئێمە هەڵمانبژاردوون- زمانێكی ئەدەبی چڕ و كاریگەرە، ڕەنگە هەندێک دەق بەرەو زمانێكی سادە یان لە زمانی ڕۆژانە نزیكبووبنەوە، بەڵام زۆرینەیان خودان زمانێكی شیعرییەت ئامێزن و وشەی بێگانەش بوونیان هەیە، هەرئەمەش وا دەكات كە دەقێک پێی بوترێت شیعر و لە خانەی


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ئەدەب هەژمار بکرێت، چونکە زۆرن ئەوانەی لە فەیس بووک شت دەنووسن، بەڵام ناچنە خانەی دەقی ئەدەبی بۆ نموونە:

-( هاوکار ئیبراهیم) نوسیوویەتی:

**کەی باران**
**ئەوەندە بێ رەحم بووە**
**بە هاتنی تۆ**
**نەهێڵێ بدوێین**
**چ زستانێکی تەواو نەبوویت**
**ڕێگەنادا پێش قیامەت بتبینم.**

-(جەوهەر ئەحمەد ) نوسیویەتی:

**ئیدی ون دەبم ون..**
**وەک تەمەنی گوڵێک، کە ناگەڕێتەوە..**
**من کە هێزی فریشتەیەکم نەبێ**
**من کە نەتوانم تێر نیگا ببڕمە ڕووی بەهەشتێ لە ڕواڵەتی ژنێکدا**
**ئیدی ون دەبم.. وەک تەمەنی گوڵێک کە ناگەڕێتەوە**

زمانی دەقەکان زمانێکی ئەدەبی چڕ و کاریگەرە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەم دەقەی(زیرەک عەبدوڵلا) بکەین دەبینین بە زمانێکی نزیک لە زمانی ڕۆژانە نوسراوە.

**گەر هیچ کارێکیشت نەبوو**
**سپێدان زوو لە خەو هەستە،**
**با گوێت لە یەکەم جریوەی پاسارییەکان بێت و پێشوازی لە**
**هەڵهاتنی خۆر بکە**

**٣-کورتبڕی:** ئەگەرچی هەندێک لە دەقەکان زۆر کورت نین، بەڵام ڕێژەی هەرە زۆرییان دەقی کورتن ئەمەش تایبەتمەندییەکی هەرە دیاری ئەم جۆرە فۆڕمەیە لەو سۆنگەیەی، کە بەکارهێنەری فەیسبووک کاتی کەمە و دەیەوێت لە کەمترین کاتدا زۆرترین بابەت بخوێنێتەوە، بۆ نموونە:

(**زیرەک عەبدوڵلا**) دەڵێت:

**- کانییەک**
**زۆر خەمبارە، یادی کچانی گۆزە**
**بەشان دەکات**
****** **** ******
**-گەورەبوونم،**

**عاشقی منداڵیم بووە، زۆر یادی دەکەم!**

**** **** ***

**-من**
**دەبێ هەموو ڕۆژێک**
**بەرانبەر ئازاری دڵم**
**لە گوناحاکانت خۆشبم....!**

**** **** ****

**-ئەوەندە حەزم لە بارانە**
**وەک ئەوەی زەوییەکی پڕ**
**تۆوی گوڵ بم یان کانییەک!**

**** **** ****

**-دڵ تەنگیم خۆش ناوێ،**
**لە کوێی ژەنەڕاڵی شادییەکانی من؟!**

دەقە شیعرییەکان کورتن و درێژ نین، خوێنەر ڕاستەوخۆ بە یەکجار دەیانخوێنێتەوە لە کاتێکی زۆر کورتدا.

**٤- وێنەی شیعری و هونەرەکانی ڕەوانبێژی:** یەکێکی ترە لە خەسڵەتەکانی فەیسبووکە شیعر و خاوەن دەقەکان زۆر سەرکەوتوونانە چەندین وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێشیان کێشاوە، بۆ نموونە:

-(زیرەک عەبدوڵڵا) نوسیویەتی:

**کوردایەتی**
**وەک ئاو وایە، ناکرێ وازی لێبهێنرێت!**

-(مهاباد ئازاد) نوسیویەتی:

**دوێنێ شەو بینیم**
**بینیم**
**"گەلاویژ"**
**لە نێو ئاپۆرەی ئەستێران**
**بە تەنیا سەمای دەکرد**
**سینەی هاوینی شەق دەکرد و**
**گۆرانی بۆ پاییز دەوت.**

-(هاوکار ئیبراهیم) نوسیویەتی:

**هێمن هێمن**
**باران لە تەمەنت دەدات،**

**ئەگەر چەترەکەت هەڵنەدەی...**
**ڕەنگە ڕۆژێ**
**دەریا چەشنی ماسیگرێ**
**قولاب لە یادەوەرییەکانت گیرکا....و**
**،**
**بیبات**

دەقەکان وێنەی شیعری جوان و سەرنجڕاکێشیان لە خۆگرتووە، وێنەکانیش لە مەزراندنی هونەرە ڕەوانبێژییەکان لە ناو دەقەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

**٥- بوونی وێنەی دەرەکی( فۆتۆگرافی):** یەکێکی تر لەو خەسڵەتانەی فەیسبووکە شیعر پێیان دەناسرێتەوە، بوونی وێنەی دەرەکی (فۆتۆگرافی)یە و وێنەکان واتا و ناوەرۆکی دەقە شیعرییەکان تەواو دەکەن، بەمەش خوێنەر لەڕێگەی بینینی وێنەکان زیاتر لە پەیام و مەبەستی دەقەکە تێدەگات، توێژەرێکی ئەم بوارە دەڵێت: ((شۆڕشی تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری ئیستاتیکای جیهان دەبێت))[ ڤالنتینا ایڤاشیڤا ،ص٣٤٣]، ئیستاتیکای ئەدەبیش، کە بەشێکە لە ئیستاتیکای جیهان و شاعیران لە ڕێگەی ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی وەک شاشەی مۆبایل و ڕەنگەکان و بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەوە دەتوانن ئەم خەسڵەتە بە دەقەکانیان ببەخشن، کە بەمەش دەقەکە دەبێتە خاوەن ئیستاتیکایەکی زیاتر. بۆ نموونە:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)





e-ISSN (2522-7130)				p-ISSN (2410-1036)



Mahabad Azad

August 6, 2017 ·

گوێزی تەڕ
لە منداڵی ئەو دڵە نەپشکووتوە دەچێت
کە هێشتا نازانێت
چەقۆی نابینای چێژەکان
چۆن دڵی هەڵدەکۆڵن،
دەیکەن بە قاوغی بە تاڵ.
خۆ گەر مرۆڤ پەلە نەکات
هەر پێگەیشتنی ئەم دڵەیە،
وێنەی عەقڵ کامڵ دەکات.




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)




وێنە و واتای دەق تەواوکەری یەکترن.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خوێنەر لە کاتی دیتنی وێنەکە و خوێندنەوەی دەقەکە زیاتر لە واتای دەقەکە دەگات وێنە شیعرییەکەی زیاتر لە هزردا دەچەسپێت.

**٦- لە ڕووی ناوەرۆکەوە:** چەندین بابەتی هەمەجۆر لە ناوەڕۆکی فەیسبووکە شیعر بوونیان هەیە؛ چونکە جگە لە پەیامێکی خودی خاوەن دەق ئەم کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی ڕۆژانەش لە چواردەوری هەستیان پێدەکات باسیان دەکات، بە گشتی بابەتەکان بریتین لە:

**١-دڵداری و وەسفی ئافرەت:** بەشێکی زۆری فەیسبووکە شیعر دەربڕی هەستێکی دڵداری بەرامبەر ڕەگەزی بەرامبەر و وەسفی ئافرەتە.

(زیرەک عەبدوڵڵا) نوسیوویەتی:

**- بەم حاڵەشەوە،**
**من هێشتا بەختەوەرم، چونکە تۆ هێشتا لە ژیاندایت!**

**** **** ****

**-کە یەکترمان بینی هیچمان مرۆڤ نەماین،**
**تۆ بوویت بە گوڵ و منیش هەنگ!**
**ئەم نامۆ بوونە چییە؟ هەردووکمان دەکوژێ، پێت چۆنە ئاشت**
**بینەوە خۆ تازە ئێمە نابینەوە مرۆڤ**

**** **** ****

**-ڕەنگە یەک کاتژمێر ڕقم لێت بووبێ،**
**ئەگینا لە کاتژمێرەکانی تردا هەر خۆشمویستووی!**

**** **** ****

**-ئەوەی من**
**بۆ تۆ هەم بوو، وە دەم بێ**
**تەنهاو تەنها**
**خۆشەویستی و خۆشەویستی و خۆشەویستی!**

ناوەرۆکی دەقە شیعرییەکان دڵدارییە و باس لە هەست و نەستی خاوەن دەق دەکەن.

**٢- خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوە و خۆشەویستی دایک و باوک و هاوڕێ و سەرکردە و کەسایەتی سیاسی**، لە چەندین دەقدا بوونیان هەیە وەک:

(مهاباد ئازاد) نوسیویەتی:

**نیشتمانم**
**گەر کاوە ئاسنگەر بوایە**
**ئێستا دەبوو هەموو دنیا**
**چەکی قورسی لێرەوە ببردایە**
**نەک تاقیگەی تاقیکردنەوەکان بوایە**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەو جگە لە عاشقێک**
**چی تر نەبوو**
**بەهار هات و**
**ئازادی هەر بەڕێوەبوو**

(زیرەک عەبدوڵڵا) نوسیویەتی:

**مادام کورد بەهارێکی پڕ گوڵی هەیە!**
**هاوینێکی پڕ میوەی هەیە!**
**پاییزێکی پڕ گەڵای هەیە!**
**زستانێکی پڕ باران و بەفری هەیە!**
**خەمتان نەبێ ڕۆژێ هەر ڕزگار دەبێ!**

خۆشەویستی دایک و باوک لە چەندین دەقدا ئامادەیی هەیە وەک:

(جەوهەر ئەحمەد) نوسیوویەتی:

**ئایندە نادرەوشێتەوە، بە بێ ئامادەییت..**
**هەمیشە ئامادەبە: وەک ئامادەییی دایکم لە دڵمدا**
**وەک ئامادەییی باوکم لە هەست و خەیاڵمدا**

(زیرەک عەبدوڵڵا) ش پێیی وایە دایک جوانتریت دروستکراوی جیهانە و نوسیوویەتی

**مەگەر جوانی دایکم**
**بە جوانی دایکی ئێوە بچوێنم،**
**ئەگەرنا هیچ جوانێک لەم گەردوونەدا،**
**هاوتای جوانی  دایکم نییە!**

دایک بە سەرچاوەی خۆشەویستی و ژیان دادەنێت و نوسیوویەتی:

**ئەوەی نەیهێشت برسیم بێت!**
**ئەوەی نەیهێشت سەرمام بێت!**
**ئەوەی نەیهێشت بێ خۆشویستی بم!**
**دایکم بوو**

خۆشەویستی سەرکردە سیاسیەکان و لە دەستدانیان لە چەند دەقێکدا بەدی دەکرێن، بۆ نموونە( هاوژین سلێوە) بۆ کۆچی(مام جەلال) ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نوسییوویەتی:

**((هاواری دەروون))**
**بێ ئەسەرنیە**
**ئەم هەموو جۆگەلەی عیشقە**
**دەبنە میوانی چاوەکانمان.**


e-ISSN (2522-7130)　p-ISSN (2410-1036)

**بێ ئەسەر نیە ئەم هەموو دڵە**
**بە کوڵ دەگرین بۆ مامە گیان.**

-(زیرەک عەبدوڵڵا) ش بۆ دەستگیرکردنی (صالح موسلیم) نوسیوویەتی:

**ترس دامناگرێ**
**کاتێک ئاپۆچییەک دەخرێتە زیندان،**
**تەنها غەمگین دەبم**
**زیاتر تینووی ئازادی دەبم!**

٣- **عیرفانیەت** بابەتێکی تری ناوەرۆکی فەیسبووکە شیعرە.
(هاوکار ئیبراهیم) لە دەقێکدا نوسیوویەتی:

**ئیلاهی**
**من بەرخاترت**
**هەموو ژیانم لە پێناوت دەبەخشم.**
**تۆش بەرخاترم**
**نیگایەک ببەخشە پێم.**

٤- **کێشە هەنووکەییەکانی کورد و کوردستان** وەک: کێشەی قەیرانی ئابووری ونقووم بوونی پەنابەرانی کورد لە دەریاکان و ئەو ستەم و زۆردارییەی لە عەفرین کراوە لای (زیرەک عەبدوڵڵا) باسیان لێوە کراوە و نوسوویەتی:

**لە عەفرین**
**دووجۆر خوێن دەڕژێ بە زەویدا**
**دوو جۆر ڕۆح دەچێ بە ئاسماندا**
**خوێن و ڕۆحێکی پاک کە هی کوردانە!**
**خوێن و ڕۆحێکی پیس کە هی تورکانە.**

کاتێک پەنابەرانی کورد لە دەرا خنکاون دەڵێ:

**دەریا تاوانبار مەکەن،**
**دەریا چوزانێ منداڵ لە باوەشی ئەودا دەخنکێ!**

(بەنگین) ئەو گەنجە خاوەن پێداویستیە تایبەتە بوو، کە لە دەریا خنکا؛ بۆیە بۆ جوانە مەرگ نوسیوویەتی:

**من دەریا بووبام،**
**بەنگینم نەدەخنکاند! دار شەقانیم دەکرد بە کەشتییەک، بۆ**
**ئەوەی ئەویش ئەوانی تری ڕزگار کردبا!**

**سێیەم: شیعری نانۆ:** ئەم جۆرە فۆڕمە شیعرییەش وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، یەکێکە لە دەرهاویشتە و بەرهەمەکانی تەکنەلۆژیای نانۆ، کە سەرەتا لەلایەن زانای ئەمریکی(ریچارد

فاینمان) لە ساڵی(١٩٥٩)دا ئاماژەی پێکراوە. نانۆ واتا: ئەو زانست و تەکنەلۆژیایەی لە پێکهاتەی هەموو ئەو ئەتۆم و گەردیلانە دەکۆڵێتەوە، کە لە ئاستی نانۆمەتر دان، مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەم ماتریاڵە وردیلانە دەکات، کە دووریەکانیان لە نێوان(١- ١٠٠) نانۆ مەتر دایە،... نانۆ مەتر(١٠٠٠٠٠)جار لە دەنکە لم بچووکترە [ محەمەد ساڵح فەرەج، ل ١٣]، واتا: بچووکی قەبارە و پێکهاتە یەکەی بنەڕەتی و سەرەکی کارکردنی ئەو زانستەیە و هەروەک لە ناوەکەشیەوە دیارە، چونکە وشەی نانۆ لە ((نانۆس)ی یۆنانیەوە هاتووە، کە مانای کورتەباڵا(قەزەم) دەگەیێنێت)).[ س.پ،ل ١٣]، ئەم تەکنەلۆژیا ڕۆژ بەڕۆژ لە بەرەپێشچووندایە و لە چەندین بواری جۆراوجۆردا چەندین ئامێر و بەرهەمی پێشکەوتووی داهێناوە؛ بۆیە ئەو کاریگەریە تەکنەلۆژییە ڕاستەوخۆ لە هونەر و ئەدەبیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و لە ئەدەبی ڕۆژئاوادا ڕێبازی (مینیماڵزم)ی بەرهەم هێنا، کە خودی وشەکە لە (مینی مۆم)ەوە هاتووە، واتا: بە مانای کەمخوازی یان وردنووسی دێت. [ ئارام سدیق ، ل ٧٩]، ئامانجی ئەم ڕێبازە کەمکردنەوە وبەکارهێنانی وشەیە، واتا: کەمترین وشە بۆ دەبڕینی زۆرترین واتا بەکاربهێنرێت و زمان چڕبکرێتەوە.

شیعری کوردی ئەگەرچی پێشتر بەدەرنەبووە لە هەندێک فۆڕمی کورتەشیعری وەک، تاک دێری  و چوارین و دواتریش پەیدابوونی پۆستەرەشیعر و بروسکە شیعر و هەموو ئەو فۆڕمانەی بە (کورتیلە شیعر) ناو دەبرێن، ئەوا شیعری نانۆش لەم ساڵانەی دوایی لە نێو ئەدەبی کوردیدا سەریهەڵداوە و شاعیر ( پەنا بۆ کورتبڕییەکی زێدەکورت دەبات،.. بەکەمترین ژمارەی وشەن کە زۆرترین مانا بدات بەدەستەوە، لە ڕێگای چڕکردنەوەیەکی یەکجار خەستدا، بە جۆرێک سوود بە ئاستی زمانەوانی و هونەری و جوانکاری بونیاتی شیعرەکە ببەخشێت) [ شاخەوان فەرهاد محەمەد، ل ٢١]،(هاشم سەڕاج) جەخت لەوە دەکاتەوە و کە شیعری نانۆ بەرهەمی تەکنەلۆژیا و بوارە وردەکارییەکانی  سنوری گەرد و گەردیلەیە؛ بۆیە دەڵێت:

**- نانۆ**

**تەزووی زەردی زەینی**

**ئەلیکترۆنییە** [ هاشم سەڕاج، ل ٩٣]

واتا: لە تەزووی دەرچووی ئەلیکرۆنیاتەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەرهەمە چاپکراوەکانی شیعری نانۆ ئەوەی ئێمە تا ئێستا بەرچاومان کەوتبێت بریتین لە:

١-شیعری نانۆ، هاشم سەڕاج، دەزگای نما ساڵی ٢٠١٢ چاپی کردووە.

٢- نانۆ تاتۆدەکەم....!، عەباس عەبدوڵلا یوسف، دەزگای نما ساڵی ٢٠١٣ چاپی کردووە.

٣- ئێمە پێمان وایە، کە بەشێک لەو دەقە شیعرییانەی (زیرەک عەبدوڵلا)ش لە هەژماری تایبەتی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردوونەتەوە دەچنە خانەی شیعری نانۆ، چونکە خاوەن هەمان تایبەتمەندی ئەم جۆرە شێوازە شیعرەن.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

شیعری نانۆ ئەگەرچی لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا لە دوو توێژینەوەدا بە کورتی تیشکی خراوەتەسەر، بەڵام پێمان باشە بە شێوەیەکی فراوانتر و هەمەلایەنەتر لە بارەیەوە بدوێین و تایبەتمەندییەکانی شیبکەینەوە، کە بریتیین لە:

**١-ناونیشان:** لە شیعری نانۆدا ناونیشان بوونی نییە، چونکە دەق تا بچووکترین پێکهاتە، کە ڕستەی شیعرییە کورت دەکرێتەوە.

**٢-کورتبڕی:** وەک ئاماژەمان پێکرد بنەمای سەرەکی و یەکەی لە دایک بوونی ئەم فۆڕمە شیعرییە، بریتییە لە کورتبڕی، کە بەمەش لە ڕستەشیعرییەک یان دووان کورت دەبێتەوە بۆ نموونە:

- **خۆشی**

**لەماڵی چاوەڕوانیدا**

**نیشتەجێیە** [ هاشم سەڕاج، ل ٧٣]

واتا و بیرێکی قووڵ لە چوارچێوەی ڕستە شیعرییەکدا کورتکراوەتەوە.

**-پێڵاویش ئەڤین دەکات، تا مردن بە جووتە دڵسۆزی یەکترن! [ عباس عەبدوڵڵا، ل ٣٢].**

**-نیگا و خەندەکانت،**

**خەم کوژن (زیرەک عەبدوڵڵا)**

**٢-زمان:** ئەو وشانەی لە زمانی نووسینی شیعری نانۆ بەکاردێن، وشە و زاراوەی هەمەجۆر و تێکەڵن، لە وشەی خۆماڵی و بێگانە و قورس و وشەی سادەی ڕۆژانە، بۆ نموونە:

- **شەو**

**خێوەتی جیهانە**[ هاشم سەڕاج، ل ٦٣]

- **با**

**عەتر دەگوازێتەوە ڤایرۆسیش** [ هاشم سەڕاج، ل ٩٣]

ئەو وشانەی بەکارهاتوون وشەی سادە و ڕۆژانەن هەموو کەس تێیان دەگات.

- **جوانی**

**دەسەڵاتی**

**ئارەزووەکانی لیبدۆ**

**تێکدەشکێنێ** [ هاشم سەڕاج، ل ٨٤]

- **دەلالەت**

**فیشەی گەمەی ڕۆلێتی**

**سایکۆلۆژییە**[ هاشم سەڕاج، ل ٦٠]

وشەکان قورس و نادیارن هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی تێیان ناگات.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٤-واتا و بیری قووڵ و وێنەی تەواونەکراو:** یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نانۆ، چڕی و کورتبڕی لە ئاستێکدایە وادەکات شاعیر نەتوانێت هەموو شتێک بڵێت؛ بۆیە ((وێنەی شیعری کورت و خێرا پیشان دەدرێت، بە جۆرێک زۆرجار خوێنەر بە تەواوی بەر وێنەکە ناکەوێت، بەڵکو بەر بەشێکی وێنە دەکەوێت و شاعیر لەو ڕێیەوە ڕێگە بۆ خەیاڵی خوێنەر خۆش دەکات خۆی وێنەکە تەواونەکراوەکە تەواو بکات)) [ ئارام سدیق، ل ٨٤]، واتا خوێنەر بەشدار دەبێت لە کردەی گەیاندن و لێکدانەوە و دیاریکردنی ئەو وێنە و واتایانەی لە ناوەوەی دەقەکە شاردراونەتەوە؛ بۆیە(هاشم سەراج) خۆی دەڵێت:

- **زەینت پەرتبێ**
  **نانۆ**
  **ڕووت تێ ناکا**[ هاشم سەڕاج، ل ١٤٤]

واتا: خوێنەر دەبێت بە زەینێکی ڕوون لە واتای شیعری نانۆ وردبێتەوە و واتای ئەو دیوی وشەکان لێکداتەوە و وێنەکان تەواو بکات.

- **گومان کەوتە نێوان زمان و ددان** [ عباس عەبدوڵڵا، ل ٦٠]
- **تەلەفزیۆنم داخست، ڕادیۆم کوژاندەوە، ڕۆژنامەم دڕاند، کێ دەزانی بۆ؟!** [ س.پ، ل ١٥]
- **پاییز**
  **عاجزی من و تۆیە!** [زیرەک عەبدوڵڵا]
- **تەمەن**
  **تونێلێکی پڕاوپڕ**
  **لە**
  **وێستگەیە**            [ هاشم سەڕاج، ل ١٥]

خوێنەر دەبێت خۆی بێتە قووڵایی واتا و بە دوایی واتادا بگەڕێت، ئەو وێنانەی تەواونەکراون و بە نیوەیی دیارن تەواویان بکات؛ چونکە دەقەکان چەندین وێنە و واتایەکی قووڵیان لە خۆگرتووە.

**٥- ناوەڕۆکی شیعری نانۆ:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری نانۆ سەربەخۆییە، لە ناوەڕۆکدا واتا: هەر نانۆیەک واتایەکی دیاریکراو بەخۆی هەیە، وەک باسمان کرد لە خاڵەکانی پێشووتر، چڕی زمان و کورتبڕی و کەم بەکارهێنانی وشە خوێنەر سەرپشک و بەشدار دەکا لە لێکدانەوە و دیاریکردنی واتای دەقە شیعرییەکان؛ بۆیە شیعری نانۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دڵداری و نیشتیمانی و ئایینی و هزری و فەلسەفییەکان لە خۆ دەگرن، چونکە هەندێکیان زیاتر لە واتایەک لە خۆ دەگرن، بەمەش دەکرێ بچنە خانەی جیاوازەوە، بۆ نموونە:

- **بەچاو دادانەوە بۆقێک بە نەهەنگێک دەڵێ: بەهرەت هەبوایە**
  **دەبووی بە وشکاوەر**[ عباس عەبدوڵڵا، ل ٦٥]


e-ISSN (2522-7130)            p-ISSN (2410-1036)

بۆق و نەهەنگ وەک ناوی خوازراو بەکارهاتوون، دەکرێت لەڕووی کۆمەڵایەتی واتایەکەی لێکبدرێتەوە، دەکرێت لە ڕەهەندێکی سیاسیشەوە لێکدانەوەی بۆ بکرێت، کاتێک کەسێک رەخنە لە کەسێکی تر دەگرێت بەوەی ، کە شارەزا و لێهاتوو نیە؛ بۆیە ژیان و گوزەرانی وەک ئەو نییە، یان خۆی بە گەورەتر و باشتر دەزانێت لە کەسێکی تر لە پای هەبوونی ئەم جۆرە پلە و ژیانە.

- **لە جزیرە**

**لە چاوی خەفەتباری**

**مانگاکان**

**ڕامام**[ هاشم سەڕاج، ل ١٥٧]

شیعرەکە دوو واتای جیاواز لە خۆدەگرێت، یان مەبەست ئەوە ئافرەت و ژنەکانی جزیرە مافیان نییە و وەک ئاژەڵ مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، یان لە ڕوانگەیەکی سیاسیەوە، ژنەکانی جزیرەی تورکیا لەبەر نەبوونی ئازادی و شەهیدبوونی ڕۆڵە و خۆشەویستانیان وەک ئاژەڵ دەستبەسەرن و خەفەتیان لێدەبارێت.

کەواتا تەکنەلۆژیا کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئەدەب و لە شیعری کوردیشدا بۆتە هۆکاری لە دایک بوونی چەند فۆرمێکی شیعری نوێ، کە هەریەکەیان خاوەن سیما و تایبەتمەندی دیاریکراوبە خۆیەتی. بەردەوام بوون و گۆڕان و گەشەی تەکنەلۆژیاش بە دڵنیاییەوە چەندین جۆر و شێوە و ژانری ئەدەبی تر بەدوای خۆیدا دێنێت.

## ئەنجـــام

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێ بەرهەم هاتوون:

١-وشە و زاراوەی تەکنەلۆژیی و ئامێر و داهێنانەکانی لە زمانی شیعری کوردیدا ڕەنگیانداوەتەوە.

٢- مۆبایلە شیعر و فەیسبووکە شیعر و شیعری نانۆ، ئەو فۆڕمە شیعرییانەن، کە لە هەناوی تەکنەلۆژیاوە نەش و نمایان کردووە و لە ئەدەبی کوردیدا بوونیان هەیە.

٣- مۆبایلە شیعر ئێستا بەرە و کەمی و نەمان چووە و ڕێژەکەی ڕوو لەکەم بوونە.

٤- فەیسبووکە شیعر مێژووی پەیدابوونی لە ئەدەبی کوردیدا زۆر درێژ نییە و لە ڕووی زمان و ناوەڕۆک و تەکنیکی نووسین و شیعرییەتەوە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆیەتی.

٥- شیعری نانۆ لە ئەدەبی کوردیشدا فۆڕمێکی تازەیە و چەندین خەسڵەتی تایبەت بە خۆی هەیە.

٦- ئەگەرچی ئەم سێ فۆڕمە شیعرییە لە چەند خاڵێکدا هاوبەشن بەڵام ئەگەر بەراوردێکیان لە نێواندا بکەین بۆمان دەردەکەوێت، کە:

أ-مۆبایلە شیعر پێش دوو فۆڕمەکەی تر سەریهەڵداوە، بەڵام ئێستا گەشە و نەش و نمای کەم بۆتەوە.

ب-ناونیشان لە مۆبایلە شیعر و شیعری نانۆدا بوونی نیە و لە فەیسبووکە شیعریشدا کەم و دەگمەنە.

ت- کورتبڕی خاسیەتی هەرسێک فۆڕمە، بەڵام  شیعری نانۆ کورتترینیانە.

پ- زمان لە مۆبایلە شیعردا زیاتر سادەترە و  نزیکە لە زمانی ڕۆژانە و شیعرییەتی کەمترە بە بەراورد بە دوو جۆرەکەی تر.

ج- ئەگەر ناوەڕۆکی مۆبایلە شیعر خودی بێت ئەوا فەیسبووکە شیعر و شیعری نانۆ پەیامی و خودی و بابەتی هەمەجۆر لەخۆدەگرن.

چ- لە فەیسبووکە شیعردا وێنەی دەرەکی(فۆتۆگرافی) بەشدارن لە ئیستاتیکا و تەواوکردن و گەیاندنی واتای دەق.

د- مۆبایلە شیعر و فەیسبووکە شیعر بە شیعری شاشەیی ناوزەند دەکرێن بەڵام شیعری نانۆ بەرهەمی شاشە نییە.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## سەرچاوەکان


**یەکەم: بە زمانی کوردی**

**أ-کتێب:**

١- ئارام سدیق، زمان و شیعرییەت، کارکردن لەسەر یازدە شاعیری دوای ڕاپەڕین، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٧.

٢- جەمال شارباژێڕی، کۆ شیعری بەرگی یەکەم، یەکێتی نووسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠١٣.

٣- خالید باشبلاخی، مۆبایلەشیعر، چاپخانەی قانع، چ.(٣)، ٢٠٠٧.

٤- ڕەنج سەنگاوی، مەهێلە کالْبێتەوە، چاپی چوارەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥- شاخەوان فەرهاد محەمەد، کورتیلە شیعر لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی دەقەکانی( قوبادی جەلیزادە، لەتیف هەڵمەت، دڵشاد عەبدوڵلا)، یەکێتی نوسەرانی کورد، هەولێر، ٢٠١٤.

٦- عەباس عەبدوڵلا یووسف، نانۆ تاتۆ دەکەم، دەزگای نما، چاپی١، هەولێر، ٢٠١٣.

٧- فوئاد ڕەشید، دەقی ئەدەبی(ئەدگار، چێژ، بەها) چەند نووسینێکی ڕەخنەیی تیۆری و پراکتیکییە، چاپی ١، دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧.

٨- محەمەد ساڵح فەرەج دوکانی(ئەندازیار)، دەروازەیەک بۆ تەکنەلۆژیای نانۆ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

٩- هاشم سەراج، شیعری نانۆ، دەزگای نما، چاپی١، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠- وەرزێر جەزا، جوانترین خۆشەویستی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،، ٢٠٠٦.

**ب- گۆڤار:**

١- دارا حەمید محەمەد، زمان و تەکنەلۆژیای زانیاری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژ.(١)، ٢٠١٤.

**پ- سایتی ئەلیکترۆنی:**

١- عەبدووڵلا سلێمان(مەشخەڵ)، نیگایەک لە "فەیسبووکە شیعر" و چەند سەرنجێک، http://www.dengakan.info/ dengaka/6/ 1961.htm? 3/5/ 20013

**دووەم: بە زمانی عەرەبی**

١- أحمد فضل شبلول، أدباء الأنترنت أدباء المستقبل، دار الوفاء، ط(٢)، اسكندرية، بدون تاريخ.

٢- السيد نجم، الثقافة والأبداع الرقمي قضايا و مفاهيم(قراءة في منجزات الانترنت) منشورات أمانة، عمان، ٢٠٠٨.

٣- علي عبدالفتاح كنعان، الصحافة الالكترونية في ظل الثورة التكنولوجية، دار اليازوردي، عمان – أردن، ٢٠١٤.



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤- ڤالانتینیا ایڤاشیڤا(د.)، الثورة التكنولوجية و الأدب، ترجمة عبدالحميد سليم، مكتبة الأسرة، مصر، ٢٠٠٨.

## پوختەی توێژینەوە

تەکنەلۆژیا لە جیهانی ئێستادا کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژینگە و ژیان و پێکهاتەیەکی کۆمەڵگا هەیە، نوسەریش وەک مرۆڤێکی ناو ئەم جیهانە کاریگەری ژینگە و دەوروبەری بەسەرەوەیە و ئەم کاریگەریش بێگومان لە ژیان و ڕەفتار و بیر و هزریدا ڕەنگدەداتەوە؛ بۆیە ئەدەبی جیهانی بە گشتی  و ئەدەبی کوردی بە تایبەتی  وەک بەرهەمێکی هزری کاریگەری ئەو پێشکەوتن و گۆڕانە تەکنەلۆژیایەی پێوە دیارە.

کەمی توێژینەوە لەم بوارە ڕەخنەی  ئەدەبی کوردی وسەرهەڵدانی چەند فۆرمێکی شیعری نوێ لە هەناوی تەکنەلۆژیا هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەن؛ بۆیە بە چەند خاڵێک باسمان لە کاریگەری تەکنەلۆژیا لەسەر زمانی شیعری و پەیوەندی ئەدەب و تەکنەلۆژیا و ئەو فۆرمە شیعرییە نوێیانە کردووە، لەگەڵ خستنەڕووی ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێگەیشتووین و ئەو کتێب و سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتوون، لە کۆتایشدا پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.


e-ISSN (2522-7130)　　p-ISSN (2410-1036)

(**ملخص البحث**)

إن للتكنولوجيا في العالم الآن أثره على البيئة و ينعكس على الحياة و على كل مكونات المجتمع، والأديب كإنسان في هذا العالم يتأثر بالبيئة وما حولها، ولا شك في أن هذا التأثير ينعكس على حياته وسلوكه وفكره, لذلك فإن الأدب العالمي عموما والأدب الكردي خصوصا كإنتاج فكري يظهر عليه تأثير هذا التقدم و التغيير في التكنلوجيا.

إن قلة الأبحاث في هذا الموضوع في نقد الأدب الكردي مع وجود عدد من الـ (فورمات) الشعرية الجديدة في كيان التكنولوجيا، هو السبب الرئيس لكتابة هذا البحث، لذلك حاولنا الإشارة إلى تأثير التكنولوجيا على لغة الشعر وعلاقة الأدب مع التكنولوجيا والفورمات الشعرية الجديدة عبر نقاط عدة، فضلا عن عرض النتائج التي توصل البحث إليها، متلازما مع الإشارة إلى الكتب و المصادر التي تم الإستفادة منها. فيما تم عرض ملخص البحث بالغتين العربية والإنكليزية في نهاية البحث.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

Abstract

Nowadays technology has got a big role in the community. So, writers are members of this community and the events of life will affect the behaviours and beliefs of the writers. In general, technology has got an effective role on the world of literature and then on the Kurdish literature as well. The lack of research in the field of Kurdish literary criticism and inventing some new styles of poem in technology are the aims to have research in this field. In this paper the effect of technology on writing the new styles of poem of literature has been analysed. Later the conclusion has been drawn form the resources. The abstract has been presented in Arabic , Kurdish and English languages


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)